

# دکتۆر مەحمود عوسمان وەڵامی بریمەر دەداتەوە

## " لەگەڵ بریمەر نێوانمان باش نەبوو، لەبەرئەوەی من بە هەمیشەیی رەخنەم لە خۆی و لە سیاسەتی ئەمریکا دەگرت، هەندێك جاریش لەلای مام جەلال و كاك مەسعود بۆڵەبۆڵی دەكرد"

دیداری ئیبراهیم ئیسماعیل - بەغدا

**● دوای بڵاوبوونەوەی هەردوو كتێبی(ساڵەكەم لە عێراق)ی پۆڵبریمەرو(ئەوەی بریمەر لە كتێبەكەیدا یاداشتی نەكردووە)لەلایەن محەمەد ئەلعەرەبییەوە كە تیایاندا رەخنەی توند ئاراستەی سەركردە سیاسییەكانی عێراق و كوردستان كراوە (مەحمود عوسمان) كەسایەتی سیاسیی كورد و ئەندامی ئەنجومەنی حوكمی پێشو و ئەندامی پەرلەمانی عێراق. وەڵامی (پۆل بریمەر)ی حاكمی مەدەنی ئەمریكا لە عێراق دەداتەوە، رەخنەی توند لەو حاكمە دەگرێت و ناوەرۆكی هەردووكتێبەكە بە ناڕاست و هەڵبەستراو دادەنێت .**

لڤین : پۆڵ بریمەر دوای كۆتاییهیاتنی ئەركی لە عێراق، لە كتێبێكیدا بەناوی ساڵەكەم لە عێراق، سەركردە سیاسیە عێراقیەكانی هەڵسەنگاندووەو بەچاكو خراپ باسی كردوون، هەروەها ڕۆژنامەنووس موحەممەد ئەلعەرەبیش لەسەر زمانی ژنەكەیەوە دیسان هەڵسەنگاندنەكانی برێمەری گواستۆتەوەو بەهەمان شێوەو بە شێوازی جۆراوجۆرو سەیر وەسفی كردوون، ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە كە برێمەر ڕازی نەبووە لە سەركردە عێراقیەكان یان ئەدای ئەوانی پێ لاواز بووە یاخود هۆكاری دیكەی لە پشتە؟

مەحمود عوسمان : هەندێك شتە هەیە گرنگە خەڵك بیزانێت، بریمەی چواردە مانگ حاكمی عێراق بوو، لەو ماوەیەدا دوانزە مانگ لە ئەنجومەنی حوكم كاری كرد. هەفتەی جارێك یان دووجار دەهاتە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی حوكمو تارادەیەك شارەزای یەكتر بووین، ئەگەرچی من وەكو خۆم هیچ كۆبوونەوەیەكی دوو قۆڵیم نەبووە لەگەڵ بریمەردا. بریمەر



لەعیراقدا دوو کێشە هەبوو ، یەکـەمیان ئەوەیـە کە برێمـەر عێراقـی نـەدیبوو، شـارەزای عێـراق نــەبوو، هــەروەك کەســایەتیە عێراقیــەکانی نەدەناسـیو خوێندنەوەشـی نـەبوو بـۆ عێـراق. ئەمــەش زۆر جێگـای سـەیرو سـەمەرە بـوو ، کەسێکیان دانـاوە حـوکمی وڵاتێـك بکـات کـە نەدیویەتیو نەدەزانێ چیەو نەپەیوەنـدی پێـوەی هەبووە. ئەوەی لەوەش عەنتیکەتر ئـەوەبوو ئایا سەرۆکەکەی چۆن ئـەم کەسـەی دانـا. خـاڵی دووەم ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێـت" کاتێـك سەرۆك بۆش منـی دەستنیشانکرد دوو هەفتـەی مابوو تا دەست بەکار بم، لـەو ماوەیـەدا کەوتمـە خوێندنەوە دەربارەی عێـراق"، ئەمـەش بەڵگەیـە کە لەسەر ئەوەی هیچ نازانێت دەربارەی عێراق، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵەی گەورەیە.

**لڤین : بەڕای تۆ لەسەر چ بنەمایەک دانرابوو؟**

مەحمود عوسمـان : نـازانم، بـەڵام وابـزانم لەسـەر بنەمایەکی هیچ، گرنگ ئەوەیە دانانی ئەم کەسـە هەڵەبووە، چـونکەی کەسـایەتی تـری ئـەمریکی هەبوو کە شـارەزای عێـراق بـوونو پەیوەنـدیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن هەبوو، لـــە کۆنگرەکانی

> **"پێشنیاری دامەزراندنی وەزارەتێکم کرد بۆ لابردنی ئاسەواری خراپی بریمەر، هاوشێوەی دەزگای لابردنی ئاسەواری بەعس"**

ئۆپۆسزیۆن بەشداریان کردبوو. بەڵام بریمەر تـا شـارەزای عێراقیـەکان بـوو سـاڵەکە تێپـەڕی. خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا کـە بریمـەر حـوکمی کـرد سیاسـەتی وابـوو، کـە هەڵـەکان بداتـە پاڵ بەرامبەرەکـەیو وانیـشان بدات کە ئەوان خۆیـان هەڵـەیان نیـە، ئێـستاش ئیدارەی ئەمریکی هـەر وایـە. ئیـدارەی عێراقـی تاوانبار دەکەن، جارێك دەڵێن تێناگات، جارێـك دەڵـێن هەڵـە بـوون، جارێـك دەڵـێن ئیـشیان نەکردووە. برێمـەر لـەو کاتـەدا بـەردەوام وای نیشان دەدا کە ئەو ئیش دەکاتو هەڵـەکان لای ئەنجومەنی حوکمەوەیەو ئیش ناکەن. ئەم هەسـتە کە خۆیان بە ڕاست دەزانن‌و دەڵـێن لایەنـەکانی تـر هەڵـەن‌و خۆیـان هەڵـەیان نیـە زۆر پێـوەی دیاربوو.

**لڤین : بـەڕای تـۆ ئـو قـسەیە ڕاست بوو کـە ئـەوان هەڵــەیان نــەبێتو هەڵــەکان لــەلای عێراقیەکان بوو؟**

مەحمود عوسمان : ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئەنـدامانی ئەنجومەنی حوکم کـەموکوڕیان هـەبوو، ئیـشیان کەم بوو، کۆبوونـەوەیان زۆر نـەبوو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دەسـەڵاتی نـەبوو، بـەڵکو دەسـتەیەکی ڕاوێژکاری بوو، نەپارەو بودجەی لەلای بوو، نە سەربازی لەلای بوو. لەبەرئـەوە برێمـەر خـۆی حاکم بوو ئەوان تەنها ڕاوێژکاری حـاکم بـوون، هەر بۆیە خەتا ناکەوێتە سـەر ئـەوان، هەرچـەند کەموکوڕیشیان هـەبوو. بێگومـان ئـەو هەسـتە ئێستاش لەلای ئەمریکیەکان هـەر هەیـەو دەڵـێن دەبێت مالیکی ئەوەو ئەمە بکاتو وابـرواتو وا بێــت. خۆشــیان لـــە بەرپرســیاریەتەکە دوور دەخەنەوە. خاڵێکی تر کە گرنگە باسی بکـەین‌و دەکەوێتە سەر خۆمـان وەکـو خـەڵکی عێـراق، ئەوەیـە کـە پێـنج کـەس دەوریـان هـەبوو لـە دروستکردنی ئەنجومەنی حوکم، جگە لە نەتـەوە یەکگرتووەکان‌و ئەمریکا خۆی، ئەوانیش پارتی‌و یەکێتی‌و ئەنجومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیـسلامی‌و ئەحمەد چەلەبی‌و ئـەیاد عـەلاوی، ئەمانـە ڕۆڵـی باڵایان هەبوو لە دروستکردنی ئەنجومەنی حـوکم کە کێ بەشداری بکـات. ئـەم لایەنانـە هەڵـەی گــەورەیان ئــەوەبوو کاتێــك خەڵکەکــەیان کۆکردەوە بەهاوکاری نەتـەوە یـەکگرتووەکان، بـێ ئـەوەی بـزانن دەســەڵاتی چــیە، نــەهاتن دەسەڵاتەکانی دیاری بکـەن. ئێمـە لەسـەرەتای کارەکەوەو وتمان با دەسەڵاتەکانی دیاری بکەین‌و بەشێوەی پەیماننامەیەك بێـت لـە نێـوان عێراقـی‌و ئەمریکیەکان. ئەمە هەڵەیـەکی زۆر گـەورە بـوو لەلایەن عێراقیەکان کـە ئـەو پێـنج لایەنـە لـێی بەرپرسیارن، ئەگینا ئێمە دروستمان نەکرد، ئێمـە

بانگهێشتکراینو پاڵێورابووین، ئێمە وتووێژمان نەکردبوو لەسەر دروستکردنی ، بەڵکو ئەو لایەنانە لەگەڵ بریمەر ڕاوێژیان کردبوو. دەبوو ئەو لایەنانە پەلە نەکەن لە دروستکردنیو دەسەڵاتەکانی دیاری بکەنو بزانن ئەو شتانەی لێی بەرپرسە چیە؟ لەهەمانکاتدا ئەمریکیەکان لەچی بەرپرسیارن؟. هەربۆیە دەسەڵاتی ئەنجومەنی حوکم ئەوەندە بوو کە بریمەر پێی دەدا، هەر بڕیارێکیش ئەنجومەنی حوکم بیدایە دەبوو ئەو ئیمزای بکات ئینجا دەبوو بە بڕیار. کاتێك دەسەڵات نەدراوە بە ئەنجومەنی حوکم ئیتر گلەیی چی لە عێراقیەکان دەکات.

**لڤین : میکانیزمی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی حوکمو دەسەڵاتی مەدەنی چۆن بوو؟**

مەحمود عوسمان : میکانیزمی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنجومەنی حوکمو حاکمی مەدەنی ئەوەبوو کە هەموو ڕۆژێکی چوارشەممە کۆبوونەوەی هاوبەش دەکراو لەباری نائاساییشدا دانیشتنەکان زیاتر دەبوون. ئێمە تێبینیەکانمان دەخستەڕوو، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەلای خۆی بوو. لەلایەکی ترەوە بریمەر کەسێك بوو گوێی لە خەڵك نەدەگرتو لەخۆ بایی بوو، باوەڕی وابوو کە عێراقێکی نوێ دروست بکاتو بەئاشکرا ئەم قسەیەشی دەکرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاگاداری بارودۆخی عێراق نەبوو، چونکە ئەوەی ئاگای لە بارودۆخی عێراق بێت قسەی واناکات ، چونکە عێراق بەو حاڵەتەی کە دەیبینی بەکەس دروست نابێت. لێکگەیشتن لەگەڵی بەزەحمەت بوو، گوێی لە بۆچوونی خەڵك نەدەگرت ، یان جێبەجێی نەدەکرد، یان بۆچوونی وابوو کە دەتوانێت هەموو شتێك بکات ، بەڵام واقیعەکە وانەبوو. لەهەمانکاتدا بڕیارێکی زۆری دەردەکردو ئیمزای دەکردو بڵاوی دەکردەوە بەڵام ڕاوێژی لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم نەدەکرد یان بەکەمی دەیکرد. بریمەر نەك عێراقی نوێی بنیات نەنا بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر هەڵەی گەورەی بەجێهێشت.

**لڤین : بەڕای تۆ توانی بنەمایەکی باش دابنێت بۆ عێراق؟**

مەحمود عوسمان : نەخێر بنەمایەکی زۆر خراپی دانا، زۆر بڕیاری داوە کە لەگەڵ واقیعی عێراق نەگونجاوەو بۆتە یاساش، ئێستا ئێمە سێ ساڵە دەمانەوێت ئەو شوێنەوارە خراپە پاك بکەینەوە کە بریمەر دروستی کرد. تەنانەت من دوای دروستکردنی حکومەتی ئەیاد عەلاوی پێشنیارێکم کرد بۆ دامەزراندنی وەزارەتێك بۆ لابردنی ئاسەواری بریمەر، هاوشێوەی دروستکردنی دەزگای لەناوبردنی ئاسەواری بەعسو ئامادەیی خۆم نیشاندا بۆ وەرگرتنی ئەو وەزارەتە چونکە ئەوەندە شتی هەڵەی بەجێهێشتووە دەبێت ئێمە ئێستاش خەریکی پاککردنەوەی ئاسەواری خراپەکاریەکانی ئەو بین.

## "بریمەر هەڵوێستی بەرامبەر کورد باش نەبوو، سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکان وتی "نابێت یەك سانتیمەتر بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان"

**لڤین : ئایا ئەنجامدانی ئەوکارانە بۆچوونی تایبەتی خۆی بوو یان بە تەوجیهی ئیدارەی ئەمریکی دەیکرد؟**

مەحمود عوسمان : دەتوانین بڵێین بۆچوونی تایبەتی خۆی زۆر تێدابوو چونکە سەرپشك بوو، بەڵام بەشێکی سیاسەتی گشتی ئەمریکی بوو ئەویش لەجیاتی ئەوەی بوار بدەن بە عێراقیەکان تا حوکمی خۆیان بکەن هاتن بڕیاری ١٤٨٣ی ئەنجومەنی ئاسایشیان قبوڵ کردو ناوی خۆیان نا داگیرکەر، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو. ئیتر کە بریمەریان نارد دەسەڵاتی تەواوی درایەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسەرۆك بۆشەوە هەبوو. بۆیە زۆر لەو شتانەی کە کراوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی. هەڵەکانیشی هۆکارەکەی ئەوەبوو کە شارەزای بارودۆخی عێراق نەبووەو نەیدەزانی سوننەو شیعە چیە. بۆ نموونە چووبوو بۆ کوردستان لەلای کاك نیچیرڤان کە ئەو کات لە هەولێر سەرۆك وەزیران بوو، لە ژوورەکەی وێنەیەکی گەورەی مەلا موستەفا هەڵواسرابوو ووتبووی ئەم پیاوە کێیە؟ کەسێك بیەوێت حوکمی عێراق بکاتو نەزانێت مەلا مستەفا کێیە جێی سەرسوڕمانە!!!. مانای ئەوەیە زۆر بێئاگایە لە عێراقو هیچی پێناکرێت.

**لڤین : پەیوەندی لەگەڵ کێدا زۆر بەهێز بوو؟**

مەحمود عوسمان : لەسەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ شیعەکاندا زۆر بەهێز بوو، زۆر هەوڵی دەدا لەگەڵ سیستانی پەیوەندی هەبێت، بێگومان سیستانی بێگانە نابینێت، نامەی لابەلا زۆر هەیە لە نێوانیاندا. بریمەر بەهەڵە وا تێگەیشتبوو کە شیعەکانی عێراق لەگەڵ ئێران نابنو دژی ویلایەتی فەقیە دەبنو هاوکاری ڕۆژئاوا دەکەن. ئەمریکا تێڕوانینی وا بۆ شیعەکانی عێراق دروست بووبوو ، ئەم بۆچوونە هەڵەیەش لەسەر ئەو بنەمایەبوو کە شیعەکان خۆیان وایان تێگەیاندبوون. بەڵام ئەگەر بریمەر لێکۆڵینەوەی باری عێراقیی بکردایە ئەیزانی وانیە. هەربۆیە لەسەرەتاوە زۆر بەلای شیعەکاندا ڕۆیشت. دواتریش هەڵەیەکی تری کرد ئەویش ئەوەبوو کە موقتەدا سەدر ڕۆژنامەیەکی هەبوو بەناوی "حەوزە" من هەر نەشم دیبوو شتێکی ناوخۆیی بوو، ئەو هەستا دایخستو لەدەرەنجامدا بووە هەراو شەڕی نەجەف دروست بوو.

**لڤین : بۆچی لەگەڵ سیستانی پەیوەندی باش بوو بەڵام لەگەڵ سەدر پەیوەندی خراپ بوو؟**

مەحمود عوسمان : بەڵام ئاخر سیستانیو سەدریش پەیوەندیان باش نیە، سەرەتا کە هاتنو ووتیان موقتەدا سەدر حوکمی گرتنی لەسەرە لەبەرئەوەی دەوری هەبووە لە کوشتنی خوئی بەڵام پاشان وازیان لێهێنا، تا داخستنی ڕۆژنامەکەیان کەبووە هۆی دروستبوونی شەڕەکە کە تا کاتی حکومەتی عەلاویش بەردەوام بوو. لەدەرەنجامیشدا سیستانیش بەرگری لە سەدر کرد، ئەوەبوو کاتێك لە لەندەن هاتەوە پشتیوانی

لە سەدر کردو شیعەکانی یەکخست. لەملاشەوە چوو شەڕی فەللوجەی کرد ئەوەش کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ هەموو سوننە دروستکرد. ئەو شەڕە گەورەیە بوو ئێمە ئاگامان لێی نەبوو، دوای شەڕەکە هات ووتی: ئێوە ڕاتان چیە. پێش ئەوە بە ئێمەی نەوتبوو کە دەبێت شەڕ بکەین. هەموو ئەم هەڵە گەورانە بەڵگەبوون لەسەر ئەوەی ئەم پیاوە ئاگاداری بارودۆخی عێراق نیە، کۆمەڵێك خەڵکی هێنابوو ڕاوێژی پێدەکردن کە لە ئەمریکاوە هاتبوون یان عێراقی بوون بەڵام لە دەرەوەی عێراق ژیابوونو ئاگاداری ئەوە نەبوون کە لە عێراق چی دەگوزەرێ.

**لڤین : بۆچی برێمەر پەیوەندی لەگەڵ سیستانی باش بوو؟**

مەحمود عوسمان : سیستانی کەسێکی میانەڕەوەو زۆر لەگەڵ سەرکردە ئێرانیەکان ڕێك نەبووەو تا ئێستاش هەروایە لەوانەیە ئەمریکا مەبەستی ئەوە بووبێت کە شتێکی دیاریکراو لێرە دروست بکات.

**لڤین : پەیوەندی برێمەر لەگەڵ کورددا چۆن بوو؟**

مەحمود عوسمان : زۆر فشاریان لەسەر کورد دەکرد، کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت دانرا، ئێمە داوامان کردوو ووتمان: ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە بکرێنە دووبەشەوە، کەرکوك و سنجارو ئەم ناوچانە بنە مادەی ٥٨، بەڵام مەخموورو شێخانو خانەقینو ناوچەکانی تری لەمشێوەیە تەواو کوردە ئیتر بۆ نەخرێنەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە کەس نارازی نیە لەسەر ئەوە لەبەرئەوەی کوردو تورکمانو کەسی تری تیانیەو دانیشتوانەکەی هەموو کوردە بەڵام برێمەر نەیهێشت. ووتی: یەك سانتیمەتر نابێت بێنە پێشەوە لەوەی کە بەدەستانەوەیە، هەربۆیە هەڵوێستی لەگەڵ کورد باش نەبوو. زۆرجاری تریش فشاری لە سەر کورد دەکرد لەپێناوی ڕازی کردنی لایەنەکانی دی لەکاتێکدا کورد خۆی بە دۆستی نزیکی ئەمریکا دەزانی.

**لڤین : لەسەر ئاستی شەخسی پەیوەندی هەبوو لەگەڵتاندا یان تەنها پەیوەندی فەرمی هەبوو؟**

مەحمود عوسمان : لەگەڵ مندا هیچ وەختێك پەیوەندیمان باش نەبووە. بەڵام ئەو گرنگیەی کە پێویست بوو نەیدەدا بە کێشەی کورد لەکاتێکدا کێشەی کورد کێشەیەکی گرنگە لە عێراقدا هەروەها تەنها میللەتە کە لەگەڵ ئەمریکا بووە لەو پرۆسەیەی کە ئەمریکا کردی. کەچی ئەچوو لەگەڵ فلانو فیسار عەشیرەت پەیوەندی دروست دەکرد. وەکو خۆم لەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ برێمەر دەمانکرد لە ئەنجومەنی حوکم بەردەوام تێبینیم هەبووە لەسەریو ڕەخنەم دەگرت لە برێمەر خۆی و لە سیاسەتی ئەمریکی، لەبەرئەوە پەیوەندیمان باش نەبوو بەڵکو توندوتیژی لە نێوانماندا هەبوو، گوێی لێدەگرتی بەڵام پێشی خۆش نەبوو.

**لڤین : بەپێی ووتەکانی ژنەکەی ویداد فرانسیس گوایە سەرکردە عێراقیەکان خەڵاتیان داوەتە ئەو، بۆ ئەوەی لای برێمەر کاریان بڕوات، ئەمە تاچەند ڕاستە؟ بۆ نموونە دەڵێت جەنابتان ئۆتۆمبیلێکی مارسیدستان پێی داوە؟**

مەحمود عوسمان : (بەپێکەنینەوە) ئەم قسانە بۆ نوکتە باشن، ئەو قسانە ڕاست نینو ئێمە پەیوەندیمان نەبووە، پاشان من سەیارەی مارسیدسم نەبووە تا بیدەم بەئەو، بۆیە ئەو قسەیە سەد لە سەد درۆیە، ئەوکات ئێمە هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم سەیارەیەکی مارسیدسمان وەرگرتو من تائێستاش هەر ماومەو لە هەولێرەو هەرکەس دەتوانێت بچێت بیبینێ، ئەوانی تریش بەو سلوکە نەبوون. بزانە ئەو سروشتەی ئەمریکیەکان هەیە ئەوەیە کە خۆیان بەردەوام بەڕاست دەزانو بەرامبەر دەشکێنن. ئێمە ژنی برێمەرمان نەدیووەو تازە ناومان بیستووە، کاك مسعودیش لە لێدوانیدا ووتی کە قسەکانی درۆیە.

**لڤین : ژنەکەی برێمەر دەگێڕێتەوە کە برێمەر ووتوویەتی دکتۆر مەحمود عوسمان حەزی لەوەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەربکەوێتو پێی ووتووی: پێم باشە کە خانەنشینکرایت ببیتە دەرهێنەری تەلەفزیۆنی؟**

مەحمود عوسمان : برێمەر لەوە پەست بووە کە من لە ڕاگەیاندن ڕاستی دەڵێمو زۆر دەردەکەومو پەیوەندیم باشە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵام برێمەر قسەی وای لای من نەکردووەو قسەی بەینی منو ئەو تەنها لە کۆبوونەوەکاندا بەئامادەبوونی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم کراوە، بەڵام جارجار لەلای مام جەلالو کاك مەسعود بۆڵەبۆڵی کردووە، لەبەرئەوەی من لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هێرش دەکەمە سەر ئەمریکا.

**لڤین : بۆچوونی برێمەر لەسەر مەسەلە چارەنوسسازەکانی کورد وەکو فیدرالیەتو کەرکوکو مەسەلەکانی تر چۆن بوو؟**

مەحمود عوسمان : سەبارەت بە کورد ناتوانی بڵێیت دژی کورد بووە، بەڵام دەیوست هیچ لایەك حەساسیەتی بۆ دروست نەبێت وەکو شیعە یان تورکیا یان ئێران، بۆیە بۆچوونی وابوو کورد تەنها لەو سێ پارێزگایە بمێنێتەوەو سانتیمەترێك نەچێتە سەر هەرێمی کوردستان. بێگومان مەبەستەکەشی ئەوەبوو کە دڵی ولاتانی دەروبەرو لایەنە عێراقیەکان ڕازی بکات. ئێستا ئەگەر مەخمور بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان کەس نارازی نیە لەبەرئەوەی هەمووی کوردە بەڵام برێمەر دژی ئەوەبوو. بۆیە هەڵوێستی بەرامبەر کورد باش نەبوو، هەقیش نەبوو وابن لەبەرئەوەی کورد دۆستیان بوو.

**لڤین : لەکاتی دانانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، گفتوگۆکان گەرموگوڕ بوون یان بەئاسانی کارەکە ئەنجام درا؟**

مەحمود عوسمان : زۆر گەرموگوڕ بوون، ئەوانیش ڕۆڵیان تێدابینی، دەبێت لێرەدا ڕاستیەك هەیە بیلێین ئەوەیش ئەوەیە کە برێمەر ئیشکەربوو ڕۆژی وا هەبوو ١٥-١٦ سەعات ئیشی دەکرد. هەندێکجاریش لە کاتی گفتوگۆکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا ئێمە شەو تا بەیانی نەدەخەوتین، برێمەر پێداگری دەکرد کە زوو تەواو ببێت.

**لڤین : یاساکە ئەمریکیەکان دایاننابوو یان ئێوە وەکو عێراقی داتان نا؟**

مەحمود عوسمان : بەیەکەوە دامانناا، بەڵام شارەزای ئەمریکی بەریتانی لێبوو، لە هەندێك لە بڕگەکانی ئەو یاسایە سوودمان وەرگرتبوو لە یاسای ئەمریکی و هەندێکی وەرگێردراوە، ئەگەر کۆپیە عەرەبیەکەی بیخوێنیتەوە پێوەی دیارە. بەڵام ئەو قسانە ڕاست نین کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئەمریکا دایاننابێت، نەخێر عێراقیشی تێدابوو. بەڵام کاتێك یاساکە دانرا

ئەوان حاکمی عێراق بوون نەدەکرا پشتگوێیان بخەیت.

**لڤین : پێت وایە کێ زۆر تەنازولی کرد لە داخوازیەکانی؟**

مەحمود عوسمان : هەموو لایەك هەندێ شتی لەکیس چووە، بەڵام پێم وایە غەدر لەکورد کرا، چونکە لانی کەم ئەو ناوچانەی کوردن و کەس داوای ناکات بگەڕایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

**لڤین : ئەم یاسایە بووە بنەمایەک بۆ دەستوریش دواتر ؟**

مەحمود عوسمان : بەڵێ بووە بنەمایەك، چونکە زۆر شتی دەستور لەوێوە هاتووە.

**لڤین : بەم دواییە برێمەر لە ووتارێکدا باسی ئەوەی کردووە کە هەڵوشاندنەوەی سوپای عێراقی لە ژێر فشاری کورددا بووە، تا چەند ئەم قسەیە ڕاستە؟**

مەحمود عوسمان : برێمەر دەڵێت کاتێك سوپای عێراقی هەڵوەشاوەیەوە سەرکردە کوردەکان کە مەبەستی یەکێتی و پارتیەو ناوی بردوون ووتیان: ئەگەر سوپای عێراقی هەڵنەوەشێننەوە ئەوا ئێمە هاوکاری ناکەین. بڕوا ناکەم بەوشێوەیە بووبێت. هەرچەند دەبێت لە مام جەلال و کاك مەسعود بپرسین بزانین وابووە یان نا. بەڵام بە دڵنیاییەوە کە سەرکردایەتی کوردی ڕای وابوو کە سوپای عێراقی دوو بەش بووە، بەشێکی ئەو هێزە تایبەتانە بوون کە تاوانیان ئەنجامدابوو هەموو عێراقیەك حەزی دەکرد ئەوانە هەڵبوەشێنەوە. بەڵام سوپا نیزامیەکە کە بەشی دووەمەو سوپای نمرە دووبوون زۆریان لەگەڵ سەددام نەبوون و سەددامیش متمانەی پێنەبوون، ئێمە بۆچوونمان وابوو کە ئەو سوپایە بهێڵنەوە بەڵام لە پیاو خراپەکان پاك بکرێنەوە، وەکو چۆن کاتی خۆی خومەینی چی لە سوپای شا کرد.

**لڤین : کە سوپای هەڵوەشاندنەوە پرسی بە ئەنجومەنی حوکم کرد؟**

مەحمود عوسمان : نەخێر کە ئەنجومەنی حوکم دروستکرا، سوپا هەڵوەشابووەوە.

**لڤین : دەنگۆی ئەوە هەیە پارەیەکی زۆر تەرخانکرابوو بۆ عێراق لەلایەن ئەمریکاوە بەڵام برێمەر بڕێکی زۆر لەوپارەیەی بۆ خۆی بردووە،**



**"بریمەر کەسێکی بێ ئاگابوو لەبارودۆخی عێراق جارێك چووبووە لای کاك نێچیر، لەژورەکەی وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفا هەڵواسرابوو وتبووی ئەم پیاوە کێیە، کەسێك بیەوێت حوکمی عێراق بکات و مەلامستەفا نەناسێت جێی سەرسوڕمانە"**

**تا چەند ئەمە ڕاستەو ئێوە ئاگاداری ئەمە بوون؟**

مەحمود عوسمان : لەکاتی برێمەر بودجە هەمووی لەدەسەڵاتی خۆی بوو، پارەیەکی ئێجگار زۆری بۆدەهات لە ئەمریکاوە بەکاش، بۆ نموونە ئەچوو بۆ بەسرە ئەیووت ها ئەوە بیست ملیۆن سەرفی کەن. شتێکی سەیربوو ئەو جۆرە خەرجکردنە لە هیچ دەوڵەتێکدا نیە بە گونیە پارە بدەی بەخەڵك. بەم دواییە نووسرابوو کە ٣٦٠ تەن پارە هاتووە کە بڕەکەی ٨-١٢ ملیار بووە.

لەبەرئەوە ئەو پارە سەرفکردنە بە لێشاو یاری زۆری پێکراوەو کۆنگرێسیش لێکۆڵینەوەی لەوبارەیەوە دەست پێکردووە.

**لڤین : پێت وایە خۆی بەشدارەو دەستی گلاوە لەو دزیانە؟**

مەحمود عوسمان : بێ شك دەستی خۆی تێدایە، بەڵام ئیدارەی ئەمریکیش بەرپرسە ، چۆن بە کاش ئەو پارە زۆرەی پێدەدرێت. ئێستا کۆنگرێس دەڵێن خەرجیەکانی یاسایی نیە؟

**لڤین : دەنگۆی ئەوەش هەیە کە دەسەڵاتی زۆری داوە بە کوڕەکەی موحەممەد بەحر ئەلعلوم بۆ فرۆشتنی نەوت لە باشووری عێراق بە شێوەی نایاسایی؟**

مەحمود عوسمان : نازانم، بەڵام بێگومان لەبەرئەوەی ئەوەی خۆی بە حاکم دەزانی و سەرپشك بوو لەوانەیە کاری واشی کردبێت.

**لڤین : چۆن ئەو ساڵە هەڵدەسەنگێنی؟**

مەحمود عوسمان : بە قۆناغێکی خراپ و یەکێك لە هەڵە ستراتیژیەکانی ئەمریکای دادەنێم، نەدەبوو بەهیچ شێوەیەك حوکمی ڕاستەوخۆی عێراق بکەن، چونکە لە ساڵی ٢٠٠٣ کاری وا لە هیچ شوێنێك نەبووە. تەنانەت لە ئەفغانستان نەیانکرد. خاڵێکی تر لەئەنجامی نەشارەزایی هەڵەی زۆر کرا کە ئێمە وا سێ ساڵە ئەو هەڵانە چاك دەکەینەوە. خاڵێکی تر گەندەڵیان دروست کرد لە عێراقدا لەبەرئەوەی بریمەر بەو شێوە هەڕەمەکیە پارەی خەرج دەکرد. هەروەها کۆمپانیای ئەمریکی کە کەوتنە کاری بریکاری دزی زۆری تیاکرا، بۆنموونە کۆمپانیایەکی ئەمریکی ئیشێکی دەگرت و دەیدا بە کۆمپانیایەکی لوبنانی ئەویش دەیدا بە بە کۆمپانیایەکی کوەیتی، تا ئەگەیشتە خەڵکی عێراق نیوەی پارەکە نەدەما. بۆیە CPA بەسەرکردایەتی برێمەر ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لە دروستکردنی گەندەڵی. خەڵکی عێراقیش وورده وورده زیاتر فێری ئەوە بوون، پارەیەکی زۆریان خەرج کرد بەڵام جێگای دیار نیە. مامەڵەیان لەگەڵ عێراق کرد وەکو بیزنس، ئەو کات باری ئاسایس لەسەرەتاوە خراپ نەبوو تیرۆر نەبوو بەڵام ڕۆڵێکی زۆر خراپیان هەبوو لە دروستکردنی گەندەڵیدا.